# Roj A ME



INTERNATIONAL
MAGAZINE
JIMARE 6
2022-2023

## نەمر پێشەوا "ئدریس بارزانی" د مێژوویا گەلێ کورد دا یەکەم کەس بوو:

- باس ل کۆنگرا نەتەوەی یا (کورد) کری.

-دامەزرێنەرێ بەرەیێ کوردستانی بوو دناڤبەرا پارتێن کوردستانی دا ل سالا ١٩٨٦ێ.



دیسان کەسەکێ ئاشتیخوازبوو، هەردەم بزاڤا ئاشتییا نافخۆە دکر.

"نەمر ئدریس بارزانی نمونەیا هەرە بەرزە دناڤا پێشەنگیا سیاسەتا گەلێ کورد دا،

دیسان دناڤ هوشمەندییا مەدا، دانەرێ سیاسەتا ئاشتییانە هاتییە خامەدان".

ژمارەی متمانە لەسەندیکا (851)
-ڕۆژا مە، گۆڤاری"نەتەوەی و ڕوشنهزری".
تەوەری ژمارە/ "نەتەوەی و زێهنی".



PRESS


خودانێ ئمتیبازێ: دلێر دلێرین

سەرنڤێسەر : داخاز ئەرەدنی

ڕاوێژکارێ گشتی: کەمال کوردی

سەرپەرشتێ نڤێسینێ: نوژین عبدالله

سەر نڤێسەرێ سۆرانی : ئەفراح فارس

نڤێسەران: نۆژین ئامێدی & د.ناڤید شەریف بارزانین & سەردار هێتوتی

تیپچین: نەرمین مزیری & شەهلا خان

پارێزەر: ڕیال علی قادو

پەیامنێر :

-ئالان دۆسکی & ئازاد مزیری

-هەیفا بامەڕنی & طاهر پیرموس

-فاتما مزوری & شەربەت خان

دیزاینەر : جیلان ڕۆژبەیانی

فۆتوگرافەر : دلخاز خانکێ & ناڤین خانکێ

ڕاگەهاندن: زەکیا ڕێکانی & علی حسێن.


JOURNALIST

TL : 0750 7391120

Face book : گۆڤارا ڕۆژامە

## پێرست:


| | | | |
|---|---|---|---|
| -1 | بەیاننامە | دلێر دلێرین | 6 |
| -2 | پەیڤا سەرنڤێسەری. | داخاز ئەرەدنی | 7 |
| -3 | جلو بەرگێ کوردی. | ئەفراح فارس | 8 |
| -4 | بۆچی ژنان بەشداری هزرییان نییە؟. | د.شەونم یەحیا | 9 |
| -5 | دیروکێ میوزیکێ جیهان. | ڕاوێژکار/ کەمال کوردی | 11 |
| -6 | هەر و هەر...!. | نڤێسەرێ وندا0 =1+1 | 15 |
| -7 | جڤاتا گوڤارێ ل هەرێمێ. | نڤێسەرێن گوڤارێ | 17 |
| -8 | دەرکەوتنی ماسونییەت. | گوڤارا ڕوژا مە | 18 |
| -9 | چوار دەرا هێتوت. | سەردار هێتوتی | 28 |
| -10 | سیمبولا ئازادیێ. | ئاواز مصتەفا | 30 |
| -11 | ژن ب واتەیا ژیان. | فاتم خلیل عسکر | 33 |
| -12 | شنگال کانیا فولکلوری. | ناڤین خان | 35 |
| -13 | نەوروز-ڕوژا نوو | طاهر پیرموس | 36 |
| -14 | پەتا بوون و فریادڕەسی گەنج. | چالاکڤان "کوردستان یاسین" | 38 |
| -15 | چەمکێ سیاسەت و ئابوری. | د.ناڤید شەریف بارزانی | 42 |
| -16 | شێخ الشمس. | دلخاز خدر | 44 |
| -17 | نەتەوە. | شەمال یونس | 45 |


MAGAZINE



1+1=0

## بەيانناما گۆڤارێ يا وەرزێ 6 شەشێ:



INTERNATIONAL JOURNALIST

"ڕۆژنامەنڤێسێ نيڤ دەولەتی"

**DLER DLERIN**

**ژدايكبوونا مروڤی ئەگەرەكە بۆ سەرهلدانا چاند و كلتورێ وی ژينگەهی يێ مروڤ تێدا دهێتە ژيانێ، لەوڕان چەند دەم ببورت و مروڤ دهەمی وان قوناغێن دەميدا ببورتن يێن مروڤ تێدا مەزن دبت، مروڤ هەر ئێكە ژ پەروەردە و باوەرا وێ مالباتێ و وی گەلی يێ تێدا دهێتە ژينێ.**

**ئەڤە دەستپێكا باوەری و پيروزيێ يە كو چ جاران مروڤ نەشێت بساناهی دەست بەرداری ئەڤان بيروكان ببتن ئەوێن دگەل دايكبوونا مروڤی پەرەسەندين، ژبەركو وەك ئەندامێن لەشێ مروڤی دبنە بەشەك و پارچەك ژ مروڤی، ئانكو مەبەستامە ڕێبازا "هزركرنا مروڤی و نەتەوەی"يە، دبنە ئێك بەش ژ مروڤی دگەل دايكبوونێ، هەر وەكی كا چەوا مروڤ خۆدان هەست و نەستەك خۆەرستی يێن تايبەت هەنە، ئاها بڤی ڕەنگی ئەڤ ڕێبازێن هەنێ دبنە پارچەك گرنگتر ژ هەر تشتێ مروڤی، هەتاكو مروڤ بەرهەڤە گيانێ خۆە بكت قوربان ژبۆ مان و پاراستنا ئەڤان تێگەهێن ژينگەهی ل ژيانێدا.**

**پێشكەفتنا نەتەويان گڕێداييە ب پێشكەفتنا هزر و بێرێن تاكێن دناڤا نەتەوەياندا، لدەما كو تاك ب هزرت كو پێشكەفتنا وی ژبەری هەر تشتييە د ژيانێدا، هينگێ ل وی دەميدا پێشكەفتنا نەتەوەی دبتە هەر تشت و وەڵات ئاڤا دبن و هەر تاكەك ب دروستی كارێ خۆە دكتن، دوير ژ دروشم و ناڤێن دل مەزنی و خوەپەرێسی و گەندەليێ، لەوڕان تاكێ كورد ل وەڵاتێ ڕۆژامەدا كو كوردستانە، دڤێتن ئەم نە بتنێ بەژن وباڵا خۆە ببين ئەندامێن لەشێ خۆە بەلكو دڤێتن كوردستان هەمی ببت بەشەك دی يا تەمامكرنا مە يا مروڤی، ژبەركو ئەگەر چەند كوردستان نە ئارام بتن و نە پێشكەفتی بتن، ئەم دێ هەر د ئەڤێ تاڕستانێدا ژين و نەئارامی و ژدەستدانا ئارمانجان دێ بتە دياردە!... لەوڕان ئەگەر تە ئارمانجێن نەتەوەی لپشت گوهخستن، بلا ئەم لهيڤيیا ئارمانجێن خۆە يێن تاكی نەمينن و لهيڤيا چ دەستكەفتان ژی نەبن، ژبەركو مە ڕهو ڕيشالێن خۆە ژدەستدان.**

**ديسان گرنگە زێدەباری كو ئەم كوردێن ئاخا كوردستانێ بن و هزربكن كو ئەڤ ئاخە لەشێ مەيە!، گرنگە هزربكن و ژبيرنەكن ژدەستدانا ئەڤان هزر و بيران ژدەستدانا مە و مالامە و نەتەوامەيە، زێدەباری وێ چەندێ كو نها سەركردێن گەلێ كوردستانێ ل باشورێ كوردستانێ قوناغەك سەخت و تژی هەڤڕكی دبورينن دگەل نە حەزێن گەلێ مە، پێتڤييە ئەمژی ملم بملێ سەرۆك بارزانی كوردستانێ بپارێزن و هزر و هوشمەنديیا خوە ژبۆ مانا كوردستانێ و وەڵاتبوونێ بينن ڕايێ.**

**هەرێما كوردستانێ/ هەولێر...1/11/2022**




## پەیڤا سەرنڤێسەری: داخاز ئەرەدنی.

## "ڕاوێژکار ل نەتەوەیێن ئێکگرتی-ئامەریکان".

**سلاڤ و ڕێز:**

**هەلبەت مە گەلەك هەوڵ و تێكوشینێن نێڤدەولەتی ژبۆ (گۆڤار و ڕۆژنامەگەرێن) گۆڤارا ڕۆژێ سازدان، داکو ژبۆ گشت گەنجێن تازە ببتە هەنگاوەکە دلخوەشکەر یا ڕۆشنگەری.**
**لەوڕان د ئەڤێ ژمارێدا مە نە بتەنێ تیشك ئێخستییە لسەر پەیاما تەوەرەك ڤەگری یا گشتگیر، بەلکو مە هەوڵدایە ئەڤ ژمارە ژبۆ گەنجێن کورد ببتە پەنچەرەیەکا ڤەکری کو هەر دەم ڕۆناهیێ و دلفرەهیێ بدتە ناخ و ئەندێشا وان داکو ئەو ب ئازادانە دەربڕینێ ژ هزر و بیرێن خوە یێن مروڤی بکن.**
**دیسان پشتی مە وەك جڤاتا سەرەکی یا گۆڤارا (ڕۆژا مە) د بەردەوامیدانا سەرکەفتن و چالاکییێن خوە یێن ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریدا، هەردەم مە پێشڕەو و پێشەنگیا نویخوازیێ کرییە لدەڤەران وساتویا یەکسانییا هزر و ڕایان پەژراندییە، دیسانژی ل ئەڤێ وەرزیدا یا دیار و ئاشکرایە کو ئەو دەستکەفتیێن ڕۆژنامەگەری یێن مە ل ڤان وەرزاندا بدەست ئێخستین بوونە بابەت و زێدەبارێ ئەندامبوونا هەڤالان ل سەندیکا ڕۆژنامەڤانێن کوردستانێ و هەم ئەندامبوون ل "ئێکەتیا ڕۆژنامەڤانێن جیهانی" پشتی ل سەر ئاستەك جیهانی مە هزرێن خوە داین بەرهەڤ و ب وێرەکانە دان و ستاندن کرین ل سەر گشت بابەت و تەوەران.**
**نها زێدەباری کو مە ئارمانجا پێشکەفتنا گۆڤارا کوردی هەیە، ئارمانجا مە هەر ئەندامبوونا ئەوان گەنجانە یێن دخوازن ل ناڤا خوێندنگەها گۆڤارا مەدا لدویف یاسا و ئەتەکێتێت ڕۆژنامەڤانی یێن نافخۆەی و دەرەکی ببنە ئەندامێن کارا و ڕۆژنامەڤانێن پێشکەفتی و فەرمی یێن جهێ متمانێ.**
**لەوڕان لدوماهیێ دخوازن گشت ئەندامێن مە بهێزتر و ب خورت تر بهێنە دناڤا مەیدانا جڤاکیدا داکو هەم بشێن تێگەها جڤاکی بنڤێسینێن خوە بگەهینن، و هەم پەیاما خوە زیندە بهێلن.**

**1/11/2022 هەرێما کوردستانێ - دهۆک**



## "جل و بەرگی کوردی"

سەرنوسەر/ئەفراح فارس.

**"جلی کوردی شوناسێکە کە لە سروشتی شاخ و گردددا ڕەنگی داوەتەوە کە دەبێت جلوبەرگ و ئیلهامی جیاوازی خۆی هەبێت".**

ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە دەیبینین لە بەرگی ژن و پیاوی کورددا ئەو جلوبەرگە نەتەوەییە، کە کورد دەیپۆشێت لە سەدەکانی ڕابردوودا، جلوبەرگی ڕۆژانەی ئەوان بووە جل و بەرگی کوردی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش ئێستا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گەشەی کردووە و لە پەرەسەندنی هەر وەرزێکدا لە کوالێتی قوماش و دوورینی جیاوازی بەسەردا هاتووە بە جل و بەرگی بوونە خۆشەکان دێتە ناسین بە هۆی ڕەنگە درەوشاوەکانی و شێوازی دوورینی ، لە داب و نەریتی کورددا، دەبێت هەموو کچ و ژن و گەنج و پیاو خاوەنی جلوبەرگی کوردی بێت چونکە لەگەڵ بوونە نەتەوەییەکان و بەتایبەتی ڕۆژی نەورۆز کە دەکەوێتە ڕۆژی بیست و یەکی مارسەوە کە سەرەتای ساڵی کوردییە، هەموو کەنچ و لاو و پیر جل و بەرگی کوردی دەپۆشن .

ڕۆژی جلوبەرگی کوردی وەك نەریتێکی ساڵانە لە 10ی ئاداری هەموو ساڵێکدا پیرۆز دەکرێت "ڕۆژی جلوبەرگی نەریتی کوردی" یەکێکە لە ڕۆژە تایبەتەکانی کە هەموو کوردێک جلوبەرگی نەریتی کوردی لەبەردەکەن لە هەر شوێنێکی دوونیادا بن ، جل و بەرگی پیاوان لە شەلوال پێك دێت کە پێی دەوترێت "شەروال" و چاکێتێکی هەمان ڕەنگ و قوماش و پشتێنەکەی قوماشێکی پانی کاڵە بە ڕەنگێکی جیاواز.

جلی نەریتی بۆ ژنان لە کوردستان لە جلوبەرگی زۆر ڕەنگاو ڕەنگ پێکهاتووە، نەریتەکە لە کراسێك و کەوا یاخود کاس و هێلەك پێکهاتەوە و بە چەندین جۆر و دیزاینی جیاواز جیاواز هەیە لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەم شێوازە گۆڕاوە، ئەمڕۆ ژنە بەتەمەنەکان ڕەنگی تاریکتر و کاڵتر لەبەر دەکەن، لە کاتێکدا ژنان و کچانی گەنج ڕەنگی کراوە و ڕەنگا و ڕەنگ لەبەردەکەن.



## بۆچی ژنان بەشدار هزرییان نییە؟.

## “د.شەونم یەحیا”.

پرسی بەشداریکردنی ژنان لە کایەکانی کۆمەڵ جیاوازن لە یەکتری ، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەرێتەوە، هەندێکیان پەیوەندی بە ستراکتوری کۆمەڵگەوە یان دۆخی سیاسی، و هەندێکیشیان پەیوەندنی بە ئاستی مەعریفی و چێژی ئافرەتەوە لەو بوارەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت هەیە.


بۆنموونە بەشداری ژنان لە کایەی سیاسی یان مەدەنی و کۆمەڵایەتی یان سەربازی لە باشوری کوردستان زۆر جیاوازترە ، لە باکور و رۆژئاوا ، هەرچەندە سەرجەمیان لە چاپی یان چوارچێوەی کەلتوری کوردیدان بەڵام بەشداریکردنیان جیاوازە . لە رۆژئاوا من وای دەبینم ژنان زیاتر لە کایەی سەربازی خۆیان دەبینەوە، ئەمەش بە حوکمی ئاڵۆزی دۆخی سیاسیی و ناجێگیربوونیان ، لە باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەرینەوە فۆرمێکی تر لە بەشداریکردنی ئافرەتان لە کایەکانی کۆمەڵگە دەبینرێت، ئەویش بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەیی . بۆیە کاتێك دێن قسە لەسەر بەشداریکردنی ژنی کورد دەکەین لە هەر بوارێك گرنگە ڕەچاوی شێوازی کاتیگۆریکردنی ژن و ڕۆڵیان لە کۆمەڵدا بکەین .

مەسەلە فیکرییەکان ئەو کاتە گەشە دەکات کە دۆخێکی ئارام دەوری مرۆڤی دابێت، و لە سروشتێکی هێمندا بێت . کاتێك کە دۆخی کۆمەڵگە لە رووی سیاسیەوە نا ئارام بوو ، فیزیك زیاتر لە فیکر لە جوڵەدایە ، کۆمەڵگەی کوریش نەك تەنیا ژنی بگرە پیاویش لەم بوارە لە قەیرانی فیکری دایە و نەیتوانیوە گەشە بەم لایەنە بدات ، هەڵبەتە ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕیتەوە ، لەوانە بۆ ناسەقامگیری توندوتیژی سیاسی، وای کردووە کۆمەڵگەیەك دروست بێت ، ئەوەندە پێویستی بە کەسایەتێکی سەربازی زیاتر لە کەسایەتێکی فیکری بێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکات. خاڵێکی تر تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ پرسە فیکرییەکان ، و بەهەند وەرنەگرتنی ، هەروەها هەژموونی ئایدیۆلۆجیای سیاسی و حزبی لەسەر ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان ، لە کۆمەڵگەی کوردی ئەوە ناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکان نیین کە ئەکتەری کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنن ، بەڵکو ئۆرگانە سیاسی و حزبیەکان وەك کارگەی بەرهەمهێنانی ئەکتەری کۆمەڵایەتین ، ڕەواج بەو فیکرو ئایدیۆلۆژییایە دەدەن کە لە بەرژەوەندنی ئەوان دایە . بۆیە ئەو لێکترازانەی مەکینەی بەرهەمهێنانی ئەکتەرێکی بە دیاری لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی لە قەیراندایە . من لێرەدا تەنیا باس لە ژن ناکەم بەڵکو هەردوو ڕەگەز لە چوارچێوەی ئەکتەری کۆمەڵایەتی پێناسەم کردووە، ئەمە پرسێکی مێژوویەش رۆشنبیرانی کوردیش زیاتر ڕەخنە و تێروانینیان لە رێگای

شیعر، نەك لەڕێگای لێكۆڵینەوەی قوڵی فەلسەفەییەوە بووە . لەلایەكی دیكەوە ستراكتوری كۆمەڵگەی كوردی جگە لەوەی ستراكتورێكی سیاسیە ئاینیشە، دۆگما و كۆنترۆڵی ئاینی وای كردووە كە فیكر ئازاد نەبێت ، لێرەدا دەسەڵاتی ئاینی ڕێگر بووە لەبەردەم گەشەسەندنی فیكری ، هاوكات فیكر و فەلسەفەش نەیانتوانیوە لەم زۆنە ئاین بخەنە ژێر پرسیارەوە ، لە پرسە فیكرییەكاندا ، بۆ گەیشتی بە هەقیقەت مرۆڤ پێویستی بەوەیە لەهەموو بازنەكان دەربچێ.

لە كۆمەڵگەی ڕۆژئاواییەكانیشدا ئەگەر ئەمرۆ ژن لەم بوارە تاوی خۆی دابێت ، ئەوا لەناوەند و قوتابخانە باڵاكاندا بوو. ئەوروپا بۆ نموونە سەردەمانێكی زۆرە خاوەنی چەندان قوتابخانەی فیكرییە لەڕووی مێژووییەوە ، بە هەزاران قوتابی لەم ڕووە پەروەردە دەكات ، كەچی لە كۆمەڵگەی كوردی لە نێوەندە ئەكادیمیەكان بەتایبەتی زانكۆكان ئەوە نزیكەی چوار بۆ پێنج ساڵ دەچی بەشی فەلسەفە كراوەتەوە ، كە بە شێوەیەكی ئەكادیمی قوتابی لەم بوارە پەروەردە بكات . لێرەدا بەرلەوەی پرسیاری ئەوە بكرێت بۆچی ژن بەشداری فیكرییان نیە ؟ گرنگە پرسیاری ئەوەش بكرێ، بۆچی فەلسەفە و فیكر لە دونیای ئەكادیمی كۆمەڵگەی كوردیدا فەرامۆش یان پەراوێزخراوە ؟.

بۆچی عەقڵی كوردی نەیتوانیوە خاوەنی فیكری ئۆرجینالی باڵای خۆی بێت ؟ بۆیە ئەمەش هۆكارێك بووە كە نەك تەنیا ژن بەڵكو پیاویش بووە ، لەوەی فەیرانی فیكری هەبێ. بۆیە دەتوانم بڵێم كە بابەتی فیكری و فەلسەفەی لە كوردستان بەگشتی لە قەیراندایە بەتایبەتیش لە ناوەندە زانستیەكان، لەرووی (سایكۆ- سیۆسیۆلۆژییەوە) ژن وەكو ئەكتەرێكی كۆمەڵایەتی و لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی باوك سالاری و ئایین و بابەتە كۆمەڵایەتیەكاندایە ، ئەم پرسانە هۆكاربوونە لەسەر دابڕانی ژن لەكایە فیكرییەكان ، ژنانی كورد هەرچەندە لەڕێگای ناوەندەكانی ژنانەوە هەوڵیانداوە داوای ئازادی ژن بكەن ، .زۆر جار داوا و جیهانبینی ژن لە ناوەندە مەدەنیەكان ، لەگەڵ چەمكە فەلسەفی و معریفیەكان یەكانگیرنین.



بۆنموونە لە دروشمەكانیان داوای " یەكسانی و ئازادی و مافی مرۆڤ " بێ ئەوەی خوێندنەوەی قوڵی فەلسەفیانەی بۆ ئەم چەمكانە هەبێت و لە ماهیەتی ئەم چەمكانە تێبگەن، ئەمڕۆ جیهانبینی و فیكری ژنی كورد لە كایە سیاسیەكاندا ، ڕێك هاوتایە لەگەڵ جیهانبینی وفیكر پیاوێكی سیاسی . بۆیە كاتێك قسە لەسەر پرسی ژن و فیكر دەكەین لە كۆمەڵگەی كوردی ، تائێستا ژن زۆر بە دەگمەن لەبوارە فیكرییەكاندا جێگای خۆی كردۆتەوە ، گرنگە لە وێنای ژن لە فیكری كوردیدا بڕوانین . بەلای منەوە ئەمە پرسیارێكی جەوهەرییە.

R O J A M E
PHOTO

## "مێژوونووسان و میوزیك ناسانی بەناوبانگی جیهان لەو باوەڕەدان:
## " کە کوردستان بە لانکەی میوزیکی جیهان دەژمێردرێت."

**ڕاوێژکاری گۆڤار/**
**" کەمال کوردی"**



گەزنەفونی مێژوونووسی یۆنانی لەمبارەیەوە نووسیوەتەوەکە : لە ساڵی 401ی بەر لە زایین،دوای هێرشی یۆنانیەکان بۆ سەر ئێران و شکستی کۆرۆشی هەخامەنشی بەدەست یۆنانیەکانەوە، کاتێك لەشکەری یۆنان بە مەبەستی گەرانەوەیان بە کوردستاندا تێپەڕیون، کوردەکان لەگەڵ ئەوەی کە ئاواز و گۆرانی بەکۆمەڵیان دەگووتەوە، هێرشیان کردووتە سەر یۆنانیەکان. گەزنەفون هەروەها دەڵێت کە چۆن بووە کە کوردەکان لەو سەردەمەدا بە هونەری موزیك ئاشنا بوونە و تەنانەت لە شەڕ و جەنگەکانیشدا بەکاریان هێناوە.

لە گۆڤارە تایبەتنامەکەی(فاسکەکە) کە لە فەرەنسادا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هاتووە کە ئێرانی کۆن و وەڵاتی مێزۆپوتامیا واتە هەر ئەو شوێنەی ئێستا وەڵاتی کوردەکانە و بە کوردستان ناسراوە و لێی نیشتەجێن،کۆنترین لانکەی موسیقای جیهان بووە.

بە گوێرەی نووسینەکانی ئەم بڵاوکراوەیە، سەرجەم میلۆدیە ئێرانیەکان واتە مەبەست ئێرانی بوونی میلۆدیەکانە و هەر ئەو شوێنەی کە کلتووری ئاریایی بوونی هەبووە و نەك سنووری جوگرافیایی و سیاسی ئەوا لە جیهاندا بێ هاوتا و بێ ڕکابەرن

( تێبینی// کورد کۆنترین نەتەوەی ڕووی زەوییە و دوای لافاوە گەورەکەی نۆحی پەیامبەر مرۆڤایەتی لە کوردستان دەرکەوتووە و لێرەدا کە باس لە فەرهەنگی ئێرانی و کوردی دەکرێت ڕێك مەبەست خودی کوردە و لەوەی کە زۆر کەس دەڵێن کورد بەشێکی لە ئێرانیەکانە هەڵەیەکی گەورەیە و دەکرێت بە پێچەوانەوە بڵێین ئێرانیەکان بەشێك و لقێکی دانەبڕاوی نەتەوەی کوردن- وەرگێڕ).

نەتەوەی کورد وەك کۆنترین نەتەوەکانی نەژادی ئاری بە هۆی سوود وەرگرتن لە کلتوورە دەوڵەندەکەی نەژادی خۆیان خاوەن ڕەسەنترین موزیك و میلۆدیە گەورە و جیهانیەکانن و کلتووری هونەر و موزیکی کوردی لە جیهاندا هاوتای نییە و پێموایە موزیك ناسەکان و مێژوو ناسەکان پێویستە زیاتر ئاوڕی لێ بدەنەوە و مێژوو ڕاستەقینەکەیان بگەڕێننەوە شوێن خۆی، بۆ نموونە ئامێری تەنبوور و ساز کە تورکەکان بە باغلاما ناوی دەهێنێن لە ڕەسەنایەتی ئەم ئاری نەژادەکانە کە لە ئێستادا تورك هەوڵی بە جیهانی کردنی دەدات بەناوی یەکێك لە کلتوورە ڕەسەنەکانی تورك و ئەمە هەڵەیەکی گەورە و خیانەت و بێ ویژدانیەکی گەورەیە بەرامبەر بە کلتوور و هونەر و مێژووی کۆنی ئاری گەلێکی مەزنی وەك کورد.

به گوێرەی سەرچاوە مێژوویەکان بێت، مێژووی نەتەوەی تورك بۆ سەدەی شەشەمی زایین دەگەڕێتەوە کە بەرەو وەڵاتەکانی مەغولستان و چین و ڕوسیا، قرقیزستان و کازاخستان و ئۆزبەکستان و تورکەمەنستانو ئەفغانستان و ئێران و کۆماری ئازەبێجان و عێراق و تورکیای ئێستا و قوبرس و یۆنان کۆچێکی بەرفراوانیان هەبووە.

ئینجا کە ئەمە دەبینی و دواتر لە مێژوو ورد دبیەوە دەبینی کە وا ڕەگ ریچاڵیان بۆ دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و چ پەیوەندی بە خاکی کوردان و نەتەوە و نەژادی ئارییەوە نییە و ئەو تەنبوورەی کە مێژوویەکی شەش هەزار ساڵەی هەیە و کوردانێك کە 401ی بەر لە زایین گۆڕانیان چڕیوە بە کلتوورێکی سەدەی شەشەمی زایینی دەبەستنەوە و مورکی کلتووری خۆیانیان لێدەدەن، گەر کوردی داماوی ئێمە کەمێك مێژوو بخوێنێتەوە و لە کلتوور و فەرهەنگ و نەژاد و نەتەوەکەی تێبگات، ئینجا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بۆچی و بە چ مەبەستێك هەموو کلتوورەکانی دەورووبەر بە فارس و تورك و عەرەبەوە هەموو هەوڵی خۆیاندەدەن بۆ دزینی کلتووری کوردی و بێ نرخ کردن و بچووك کردنەوەی نەتەوەی کوردی ئاری نەژاد بۆ ئەم مەبەستە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە و جۆرەها چەکیشیان تاقیکردووتەوە کە بێگومان چەکی دین و ئایین کاریگەرترینیان بووە لەم تالانە کلتووریەدا کە لە دژی گەلەکەمانیان بەکاریان هێناوە.

بۆ دەست پێڕاگەیشتنی موزیکە دەوڵەمەندەکەی کوردی، پێویستە لە زەردەشت و فیرقەی ئەهلی حەق دەست پێبکەین.چونکە ئەگەر کورد خۆی بە میراتگری شارستانیەتی مێدیا(ماد)دەزانێت، ئەوا زەردەشت نەوە ڕاستەقینەکەی مێدیاکان و هەر وەها لایەنگرانی ئەهلی حەقیش، لە ڕاستدا کوردن و لە کوردستاندا دەژین و بە زمانی کوردی و زاراوەی گۆرانی قسە دەکەن.

بە پێی پەرتووکە کۆنەکانی ئەهلی حەق، هونەری موزیك هەر لە سەردەمی کۆنەوە سەرنجی لایەنگرانی ئەم ئایینەیان داوە.

لە نامەی سەرەنجامدا(سرودی یارسان) کە یەکێك لە کۆنترین پەرتووکەکانی ئەهلی حەقە هاتووە:

**" کاتێك خواوەند ویستی ڕۆح بخاتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، ڕۆح نەیویست و نەچووە ناو جەستەی مرۆڤدا تا ئەوەی کە دوای چل ڕۆژ خواوەند فەرمانی بە بنیامین کرد کە وا ڕۆح بخاتە ناو لاشەی مرۆڤەوە و بنیامین ئاوازێکی بۆ ڕۆح چڕیوە و ئینجا ڕۆح چووەتە ناو جەستەی مرۆڤدا."**



Roj A ME…photographic

**میوزیکی کوردی لە نێوان خەڵکی کوردا، پەیوەندییەکی نەپچراوەی لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەیە. زۆربەی زۆری خاوەن بیروڕا و بیرمەندان لەو باوەڕەدان کە :**

**“ موزیکی کوردی یەکێك لە ڕەسەنترین موزیکەکانی ئێرانیشە و بە تێپەڕبوونی چەندین سەدە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت تایبەتمەندییەکانی لە فۆلکلۆری خەڵکی کورد و تەنانەت لە ناو زمانە ئێرانیەکانیشدا پاراستووە”.**

### ئەفسانە و ئاواز و گۆرانیەکان:


دەرکەوتنی موزیکی کوردیش وەك زۆربەی نەتەوە و نەژادەکانی دیکە لە چیرۆکە ئەفسانەییە کوردیەکانەوە دەستی پێکردووە کە لێرەدا و لەم بەشەدا چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە چوارچێوەی گۆرانی و ئاوازی کوردییەوە گووتراوە و دەگووترێت ئەم ئاواز و گۆرانیانە لە فەرهەنگ و کلتووری

**کوردیدا بۆ سەر گۆرانی و ئاوازەکانی دیوان دابەش دەکرێن و ناوە ڕووکی زۆربەیان هەمان چیرۆکە ئەفسانەییە کوردیەکانە کەبە شێوەیەکی پاڵەوانانەی بە خۆ گرتووە.**

**"یەکەمین پرۆشك و دەرکەوتەکانی هونەری کوردی، لە بواری ئەدەب و هونەری موزیکی پاڵەوانانەی کوردیدا بوون. بەناو بانگترینی ئەو کەسانەی کە کاری لەسەر ئەم جۆرە موزیکەی کردووە و هەوڵی بۆی داوە"کاویس ئاغا" بوو کە ئاواز و گۆرانیەکانی پاڵەوانانە و قارەمانانەیە کە لە پێشینیان بەجێ ماوەتەوە."**

## میوزیکی گێرانەوە و چیرۆکەکان:

**جۆرێکی دیکەی موزیکی فۆلکلوری کوردی بۆ گێڕانەوە و گۆڕانیە چیرۆکیەکان دەگەڕێتەوە کە هەڵبەت گۆرانیە چێرۆکیەکانیش بۆ دوو بەشی ئەشق و دڵداری و خۆشەویستی و هەروەها پاڵەوانی و قارەمانیەتی دابەش دەکرێن، لە چێرۆکە قارەمانیەکاندا باس لە دلاوەری و ئازایەتی و شەڕخوازی و شەڕەنگێزی پاڵەوانێك دەکرێت و لە گۆرانیە دڵداریەکانیش لایەنی رۆمانسی و ئاشقانەی نێوان دوو کەس یان دوو ئاشق و دڵدار باس دەکرێت کە لەم میانەدا گۆرانیی" زەنبیل فرۆش" کە لایەنێکی عیرفانی و ئیلاهی هەیە و هەروەها ئاواز و گۆرانیەکانی " ئاس و حەسەن" و " خەج و سیامەند"کە سەربوردەی دو ئاشق و خۆشەویست و دوو کۆترە دڵدار ئاشقەکە دەگێرتەوە، لە بەناوبانگترین شاکارەکانی ئەم بەشەن، لە بەشێکی دیکەی موزیکی کوردیدا، کوردە " سۆرانی" یەکان بۆ خۆیان جۆرێکی تایبەت لە موزیکیان هەیە کە بە "گۆرانی"ناسراوە و ئەم جۆرە ئاوازانە لە نێوان کوردانی دەورووبەری شاری ورمێ و کوردەکانی باکوور(تورکیا)، بە "لاوژە یان لاوجە"ناسراوە و ئەم جۆرە گۆرانیانە ڕیتم و هاواهەنگیەکیان هەیە کە پێی دەگووترێت" قەتار"کە لێرەدا لێکۆلەرەوەکان لەو باوەڕەدان کە بنەچە و سەرچاوەی ئەم دەستەواژەیە لە دەستەواژەی ((زەردەشتی- گاتا)) وەرگیراوە کە لە سەرەتادا، پەیوەستە بە کۆمەڵێك ڕاز و نیاز و پاڕانەوە و ڕێوەڕەسمە ئایینەیەکانەوە.**



**دووەمین جۆری ئەم میوزیکە" هورە- هۆرە"یە کە تایبەتە بە زاراوەی کەلهوڕی و لە باشووری کوردستان(ئێراق) و ناوچە و هەرێمی کرمانشان دەگووترێتەوە کە لە سەرەتادا هەندێ ئاواز لە ستایشی"ئەهورا مەزاد"بووە و ئەم دەستەواژەش ڕەگ و ڕیشە و بنەچەیەکی "زەردەشتی"ی هەیە کە بۆ نیایش و پاڕانەوە ئایینیەکەی ئەو کاتەی کوردەکان بووە کە لە سەر ئایینی زەردەشتی بوون و گووتراون.**

**لە ڕێورەسم و بۆنەی کەسایەتیە زۆر گەورە و گرنگەکاندا، کوردەکان جۆرێکی تایبەت لە موزیك دەژەنن کە زۆر لە پێهەڵگووتنە خەمبارەکانەوە دەچێت و لە شێوەی ئاواز و بە پێناسە کردنی تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسایەتیەوە بە هۆیەوە شین و تازەیە دەگێڕن.**

**لە ئایین و ڕێورەسمەکانی ڕۆژی لە دایکبوونی پەیامبەر، کوردەکان جۆرێکی تایبەت لە مۆسیقا دەژەنن کە پێی دەگووترێت"مەولودی"هەڵبەت مەولۆد خوانی(مەلود خوێنی)لە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامی و موسلمانیەکاندا باوە، یەکەم " مەولود نامە" لە وەسف و ستایشی محەمەد لە لایەن " مەلا باتدیی" کە عارف و سۆفییەکی بەناوبانگە نووسرا کە دواتریش شێوەیەکی فەرمی وەرگرت و لە کاتی جەژنی(عید) مەولود لە مەولود خوانیدا بەکار دێت.**

**سەرەکیترین و ڕەسەنترین ئامێرە سازیەکانی بەکار هاتوو لە میوزیکی کوردیدا بریتین لە " زۆڕنا- سورنا" و " دۆهۆڵ- دەهۆل"کە دواتر هەندێ ساز و ئامێری دیکەش و لەوانە" دەف و تەنبوور"یش لەم موزیکەدا گرنگیی تایبەتی خۆیان وەرگرت. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی " مێژووی ئەدەبی کوردی"ی (عەلائەدین سوجادی) و لێکۆڵینەوەیەك لە فلکلووری کوردیدا بکەن.موزیکی کوردی تا ڕادەیەك سیمبول و نیشانەیەکە لە شادی و خۆشی و خەم و نیگەرانیەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕ.**

**دیسان لە بواری هونەری میوزیکدا دەتوانین ئاماژە بەم هونەرمەندانەی لە خوارەوە بکەین کە هەلبەت**

ڕەنگە ئەمە تەنیا بەشێکی کەمی ئەو هونەرمەندانە بێت و لەوانەیە بە سەدان هونەرمەندی دیکەش لەم بوارە هەبن کە باسکردنیان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی زیاتر و خەمخۆری هونەر دۆستان و ئەوانەی لە بواری موزیکی ڕەسەنی کوردی کار دەکەن هەیە.

بەشێك لەو هونەرمەندانەی لە بواری میوزیکی کوردی کار دەکەن ئەمانەن کە هەڵبەت بە داخەوە هەندێکیان لە ژیاندا نەماون:

((عەلی ئەسغەر کوردستانی- ناسر ڕەزازی- حەسەن زیرەك- محەمەد ماملێ- شەهرام نازری- هولیا ئەفشار- عەلیشان(ئێلیشان)- ئەسعەد زراری- جەمشید عەندەلیبی- عەلی ئەلبەرزی- دەروێش خەراباتی- مەنوچەهری تاهیرزادە – حەمید ڕەزا خەجەندی- حوسێن شەریفی- موجتەبا میرزادە- مەزهەر خالقی- کەریم کابان- شوان پەروەر- بشیر کایا- ئەحمەد کایا- قەشەنگ-پەشنگ- بێژەن- ئەردەوان- ئەرژەنگ- ئەردەشیر- ئەرسەلان کامکار و هۆشەنگ کامکار و ...... هتد)).

**ساز و ئامێرە میوزیکیەکان:**

ئامێر و سازە باو و ڕەسەنەکانی میوزیکی کوردی بیریتن لە:

نەی- زۆڕنا- نایە- دۆهۆل- دەف- تەنبەك (تۆنبەك)- تەنبوور- کەمان(کەمانچە) .

دیوان دەزگا و ئامێری مۆسیقای کوردی بە گشتی و لە موزیکی ئێرانیشدا لە حەوت شێوەدا خۆیان دەبێنێتەوە کە بریتین لە ( ماهور- شوور- نەوا- هومایون- سێ گاە- چوار گاە- پێنج گاە).

بەڵام جگە لەم حەوت دەزگا و ئامێرە بەناوبانگەی سەرەوە، دەزگا بەناوبانگێکی دیکەش هەیە کە پێی دەگووترێت" ئەسفەهان" زۆربەی موزیك زانان شارەزایانی بواری موزیك لەو باوەڕەدان کە ئەم دەزگایەش بەشێکی هەمان دەزگای "شوور"ە و هەندێکی دیکەش پێیان وایە کە لقێکە لە " هومایون". ئاوازە(قەتاری) کوردیەکان دەکەونە چوارچێوەی ئەم دەزگایە. لە تەواو کەرەوە و گەشە پێدراوەکانی ئەم شێوازە دەتوانین ئاماژە بە شاکارەکانی مامۆستا ( محەمەدی مامڵێ) بکەین کە لە ناویاندا ڕەنگ دەداتەوە.

لە نێوان ئەم حەوت دەزگای سەرەوە کە باس کرا، دەزگای شوور لە دیکەی دەزگاکاندا بەرفراوانترو گەورەترە، چونکە ئەگەر چی لە دیکەی دەزگاکاندا، چەندین ئاوازی دیکەش جێ دەگرێت،بەڵام دەزگای شوور سەرەڕای ئەمانە خۆشی چەندین " گۆشەی - وەزن"ی دیکەشی هەیە.

ئەم گۆشانە بریتیە لە :

"ئەبو عەتا- بەیاتی تورك یان بەیاتی زەند- ئەفشاری یان هەوشار- دەشتی- بەیاتی کورد زۆربەی زۆری ئاوازە کوردیەکانی وەك/ ( کابوکی"کەڤوکێ"- شاییەك دەگەڕێ- گول نیشان گول نیشان) و زۆربەی ئاوازەکانی حەیران لە دەزگای شووردا جێی خۆیان هەیە".



"ئەگەر! چرکەیێن لێدانێن دلێ
هەر مروڤەکێ،
چەند چرکەیێن دیارکریین ژلێدانێ!
ب ئەڤێ چەندێ
مەودایا دەمی یا لێدانێن دلی
ژلێدانەکێ بۆ لێدانەك دی
دێ بشێوەیەکێ بت،
و چ جوداهی دناڤبەرا
مەودایێن لێدانێن دلیدا نینە"...

فیسا گۆڕاس...



## (فاتما مزوری)
## "هەڵاوسان"..

**هەڵاوسان هەم زرارێ ددت بەریکا مرۆڤی هەمژی دەرونێ مرۆڤی**
**هەڵاوسان هەم زیان بە گیرفانمان دەگەیەنێت هەمیش بە دەروونمان.**

**هەڵاوسان ئاماژەیە بۆ کەمبوونەوەی توانای کڕینی پارە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان. فاکتەری سەرەکی و سەرنج ڕاکێش لێرەدا تەنها بەرزبوونەوەی نرخی هەندێک کاڵا یان خزمەتگوزاری نییە، بەڵکو کەمبوونەوەی توانای کڕینیشە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. فاکتەرێکی دیکە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە هەڵاوسان بەرزبوونەوەی یەکجارەکی نییە لە نرخەکان دا، بەڵکو دۆخێکە کە ئەم زیادبوونە لە بەردەوامی دایە. گەر نموونەیەک بهێنینەوە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە چەمکی هەڵاوسان، با گریمانە بکەین کە ئەو بڕە پارەیەی لە ساڵی ڕابردوو لە بازاڕ خەرجمان کردووە $50 بووە. گەر هەمان بەرهەم لە بازاڕدا بە 100$ دۆلار لەم ساڵدا بکڕین دوای ئەم بازاڕکردنە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەڵاوسانی ساڵانە تا ڕادەیەک بەرزە.**
**بە واتایەکی تر ئەمە ئەوە دەردەخات کە توانای کڕین کەمی کردووە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان لە ماوەی ساڵێکدا. ئەم زیادبوونانەی هەڵاوسانیش چ کاتی یان هەمیشەیی بن ڕۆژ دوای ڕۆژ  زیانی زۆرتری دەبێت، وەکو زیادبوونی نایەکسانی دابەشکردنی داهات، زیادبوونی تێچووی قەرزکردن، دابەزینی داهاتی ڕاستەقینە، کەمبوونەوەی خواستی پاشەکەوتکردن، کەمبوونەوەی وەبەرهێنان و نادڵنیایی بازرگانی. گەر بێین و وڵاتی تورکیا بە نموونە بهێنینەوە، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا نرخی بەکاربەران بە بەراورد بە مانگی پێشوو بە ڕێژەی 4.96% بەرزبووەتەوە و هەڵاوسانی ساڵانەش بۆ 78.62% بەرزبووەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مانگەکانی هاوین بە شێوەیەکی ئاسایی قۆناغێکی تەختی هەڵاوسانە، دەبینرێت کە بەرزبوونەوەی نرخی تەواو بێ وەستان بەردەوامە. بە حیسابێکی سادە، ئەگەر لە سێ مانگی داهاتوودا هەڵاوسان بە خێرایی لەسەدا 5 بەردەوام بێت، ئەوا تا کۆتایی مانگی ئەیلول دەگاتە سەدا 99 لەسەر بنەمای لە100%. بەرزبوونەوەی نرخی کارەبا، غازی سروشتی، گازوایل، بەنزین، چا و بلیتی فڕۆکە لە ماوەی مانگەکەدا دەریخست کە گورزی**

هەڵاوسان بەردەوامە. تەنانەت لە مانگەکانی هاویندا کە پێشبینی دەکرێت سەوزە و میوە زۆر زیاتر ئەم گورزەیان بەر بکەوێت و نرخەکانیان بەرزتر ببێتەوە، کە نرخی خۆراک و خواردنەوە نا کهولیەکان بە ڕێژەی لەسەدا 2.09 بەرزبووەتەوە، هەروەها هەڵاوسانی ساڵانەی خۆراک بۆ لەسەدا 94 بەرزبووەتەوە.

ئەم بەرزبوونانەش زیاتر کاریان لە کەسانی هەژار و کەم داهات کردووە، هەموو ئەم دۆزینەوانە ئەوە دەسەلمێنن کە خەڵکی هەژار زیاتر گورزی هەڵاوسانیان بەردەکەوێت، بەو پێیەی نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکان زیاتر لە هەڵاوسانی سەردێر بەرز دەبێتەوە و بێبەش دەبن لە خزمەتگوزارییەکانی وەک پەروەردە و تەندروستی، کە کاریگەری لەسەر خۆشگوزەرانی نەوەکانی داهاتوو دەبێت. بە واتایەکی تر ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی چینایەتی هەڵاوسانە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی 500 کۆمپانیای پیشەسازی تورکیا لە ژووری پیشەسازی ئەستەنبوڵ دا دەرکەوتووە، قازانجی ئەم کۆمپانیایانە لە ساڵی 2021دا بە ڕێژەی 137.2% زیادیکردووە و گەیشتووەتە 219.4 ملیار تەلە.

تێکڕای زیادبوونی مووچەی هەر کرێکارێک تەنیا لەسەدا 26.3 بووە. ئەم هەڵاوسانە بەرزەش خەریکە زیان بە ژیان و گیرفان و دەرونی تاکەکان دەگەیەنێت.



## جڤاتا گۆڤارێ ل هەرێمێ "ئارمانج و مەبەست".



گەنج و لاوێن گۆڤاران( ڕۆژا مە ) د ئەڤێ هەنگاوا نوسازا دیروکیدا،
ڕابوویە بسەرهلدانەکە هوشمەندی یا کومەڵایەتی لناڤا گشت شار و شاروچکێن هەرێما کوردستانێ.

**ژلایێ: نڤێسەرێن گۆڤارا Roj A ME**

ئەم د ئەڤێ هزرکرنا هەفچەرخ دا ڕادگەهینن کو لدەما جڤاتێن مە کوم دبن هەر ئێکسەر ئەم ناچنە هزرا چافلێکرنەك ڕۆژئاڤایدا، بەلکو دهێتە هزرا مە کو شارستانییەتێت مە یێن خومالێ بخوە خودێ ئەڤێ هزر و بیروکێ بوونە و هەمی دەمان هیچ جوداهییەك ڕەگەزی نەبوویە و نەهاتییە کرن.

> "ژبەر ئەڤێ چەندێ ئەم هەتاکو بشێن ئەڤێ وەرچەرخانا دیروکی بکن دیاردە، ئەم پێتڤی بگەنجێن مینا ڕۆژا مە نە کو بخۆە باوەر هزربکن و ڕەفتارێ بکن".

هۆزایەتی و دەرەبەکایەتی لدەف بتنێ مژارەکە ژبۆ ئەوێ چەندێ کۆ ئامرازەك دییە ژبۆ ناسکرنا هەڤالێن دگەڵ جڤاتێن مەدا، ئەم پشت بەستنێ لسەر ئەڤێ چەندێ ناکن بەلکو هەوڵ ددن جیهانا پێشکەفتی دناڤ گیانێ خوەدا پاك و زیندەبکن و دویربن ژهەر تاگێڕی و کەڤن پەرستیەك نەڕەوا کو ببتە ئەگەرێ جیاوازیێ دناڤبەرا گەنجێن کورد دا.

**"ل دیدەیا مەدا وەڵاتێ مە هەبوونا مەیە، و لدەما ئەم بەرێ خوە ددنە ئێکو دوو، ژبەری ئەم ئێك مروڤ ببینن!، ئەم کورد ئێك دبینن"...**



**کوما مە هزردکت، کا چەوا پەیڤا کورد ئێکە و ئەم هەموو کوردن، ئاها ب ئەڤێ شێوەی ئەم هەموو یەکن و خوەدان ئێك زمان و فەرهەنگن.**
**کێشا مە نەبتنێ دگەل وەڵاتێن دەوروبەرن، بەلکو ئاریشامە ئەم خودێ تاکێ کورد بخوەنە، ئەگەر تاکێ کورد هشیاربی ل وی دەمی نەبتنێ نەتەوا کورد دێ ئاڤا بتن!، بەلکو دەستپێکا چریسکەك دییە ژبۆ وەڵاتبوونا کوردستانێ ,ئەم کومەڵا رۆژێ نە گەنجێن کوردپەرستن!، بەلکو مە بهزارەها ساڵان خودایێن وەڵاتێن جیران پەرست تا وێ رادەی نە بتنێ مە پیروزیێت باب و باپیرێت خوە نەهێلات!، بەلکو مە هەبوونا خوە وەك مللەت ژی نەهێلات.**

**-پەرتوکا گێنز بەڵگەیە لسەر ئاخفتنا مە کو خودانێ یەکەم پیروزیێن جیهانێ نە (The oldest religion).**
**-پەرتوکا ڤەکولەرێ ئەمەریکی (د.رالف سولیکی) بەڵگەیە کو ئەم کەڤنترین مللەتن ل شکەفا شانیدەرێ و نەڤیێن نیاندەرتالانن (The firest flowers of people).**
**-پەرتوکێن ئاسمانی بەڵگەنە کو پەیامێن پیروز یەکەم جار لناڤ کوردان بوون بناڤێ (زەرەدەشت)ی....**
**-پەرتوکێن پیروز بەڵگەنە کو ئەم نەڤیێن (ئیبراهیم)ی نە و پێخەمبەراتی یا ژمە دەستپێکرییە.....**



**"ئەم دزانن بتنێ ل ئەوان دەماندا ئەم نە ئازادن لدەما ئەم دخوازن ئازادبن.
ژبەرکو ئازادیێ بریارا یێ بەرامبەر و دەوروبەر نەڤێت هەتا ئازاد بی!، بەلکو ئازادخواز لدەما ئازاد ڕەفتارێ دکتن هەر ل ئەوی دەمی ئازاد دبت و ئازاد دژیت".**


**وەڵاتێ مە نە بتنێ کێشا ئازادییا کوردستانێ و سەرخوەبوونێ هەیە، بەلکو کێشا ئازادبوونا تاکی ژ نەریت و ئاینی هەیە، ئەڤروکە ئاین و نەریت مەزنترین گەڤ و هەڕەشەنە ل سەرهزر ئازادکرنا تاکێ کورد وڕەفتار ئازادبوونا تاکێ کورد.**

**ئەم دبینن ئەڤ سەپاندنا نەریت و ئاینان تا ئەوی ڕاددەی ل سەر هوش و تێگەهێ تاکێ کورد زاڵە ئێدی تاکێ کورد هزردکتن کو نە بتنێ کەسەك نە ئازادە!، بەلکو نەوڕێت ئازاد هزربکت و بناخێ ئازادیێ دناخێ خوەدا بکت بابەت ژی، لەوڕان هەتاکو ئەم بشێن خوە ژئەڤان گرێیان بپارێزن و د زەمینەك ئارامدا دناڤ کەش و هەوایێ سروشتێ کوردستانێ ئازاد ژین پێتڤیە هزرێت مە ئازاد بن و ئەم شوڕەشەکێ د ناخێ خوەدا بکن و هەموو ئەوان تێگەهن بگوهڕن یێن ئەم کرین کولەدارێن بێ ئەنجام و تاکێن نە نەتەوەخواز.**

**ئەڤێ چەندێ باوەری و متمانە بۆ نەڤێت، بەلکو ئەگەر ئەم پەیرەو نەکن د هزرسازییا خوەدا ئەم دێ ڕۆژەکێ پەشیمانێ ڤێ دەمی بن کو دگەنجاتییا خوەدا بوونە قوربانیێ کولەتییا هندەك هزرو بیران.**

**"دیسان ئەوێن دخوازن کولەبن و کولەبژین، ئەو ئازادن و مەرێز ژبۆ کولەتییا وانا هەیە، لەوڕان دڤێت ئەوژێ ڕێزێ ل هزرکرنا مە یا ئازاد بکرن و مایتێکەر نەبن ل هەوڵ و تێکوشینێن مە یێن ئازادبوونێدا".**

**ئەگەر ڕۆژ دەرکەفت!
ڕۆناهی نایێژتە تارییاتیێ!
"ئەڤە ئەز هاتم!"،
ژبەرکو ڕۆناهی نە پێتڤی ب بانگەوازیێ یە.**



# “پەیامێن نڤێسکارێن گۆڤارێ ل چالاکیێن وەرزاندا ژبۆ گەنجێن کورد”.




"ل باژێرێ ئاکرێ
یەکەم چالاکی هات
ئەنجامدان بهەفکاری دگەل
(لقا ٩) یا PDK
کو تێدا باوەرنامێن متمانێ
لسەر بەشداربوویان هاتنە
بەلاڤکرن .ئەڤ خوەلە بۆ
ماوێ چوار ڕۆژا بەردەوام
بوو،و دیسان وانە هەر ژ لایێ
نڤێسەرێن گۆڤارێ دهاتنە
دان”.
















گۆڤارا "رۆژا مه"  لباره گايێ
"لقا ١٨ يا پارتی ديموكراتی كوردستان"
هاته پێشوازيكرن ژلايێ
هێژا (عه مه ر ئوره ی) به رپرسێ لقێ.

هاته رێكخستن كو ل رێككه فتی ١٦/٨/٢٠٢٢ ێ ل
هه ردوو ده ڤه رێن (ئامێدی و شێلادزێ)
چالاكڤانێت بلند يێن گۆڤارێ بهه ماهه نگی دێ
(خول و چالاكيێن رۆشنبيری و رۆژنامه گه ری) ئه
نجام دن لده ڤه ران.





د كومبوونێدا هه ر ئێك ژ هێژايان ئاماده بوون/

-ئه ندامێ ئێكه تيا رۆژنامه نڤێسێ جيهانی
(دلێر دلێرين).
-ڕاوێژكار ل (نه ته وه يێن ئێكگرتی نيويورك)،
هوبا (كومه لايه تی و ئابوری) رێزدار
"داخاز به رواری".
-خاتين (نوژين عابد) سەرنڤێسەراگۆڤارا
(ڕۆژا مه).

## ل ١٦/٨/٢٠٢٢ گۆڤارا (ڕۆژا مه) ل ( ده ڤه را شێلادزێ) كومبوونه ك (ڕۆژنامه گه رى) دناڤ چينێن جودا جودا سازدا.





دیسان هه ر د ئه ڤێ چالاكيێ دا،تیشك كه فته
لسه ر ئه ڤان ته وه ران:
١-چه وانيا پشكداربوونا گه نجان ل گۆڤارا ڕۆژا مه دا.
٢-روژنامه نڤيس كييه؟ و چ جوداهى هه يه د ناڤبه را (گۆڤار و ڕوژنامێ) دا.




لرێککەفتی ٢٨/٦/٢٠٢٢ ێ لزاخۆ گۆڤارا (ڕۆژا مه) ل بارەگایێ "لقا (٨) هەشت یا پارتی دیموکراتی کوردستان" کومبوون ژبۆ ئەنجامدانا خولەکە ڕۆژنامەگەری.




د ئەڤێ خولێدا چەندین گەنج بەشداربوون ژبۆ پشکداریێ, دیسان دئەڤێ چالاکیێدا بەرپرسێ لقا (٨) هێژا (علی عەونی) و بەرپرسێ ڕێکخستنێ هێژا(سالح حەیدەر) ئامادەبوون وپەیەما پێشوازیێ و پشتەڤانیێ ژبۆ ڕۆژنامەنڤیسێت ڕۆژێ ل خۆلێ ڕاگەهاندن، هەر ل ڕۆژا ئێکێ و خول بگەرمی و ببەرهەڤیا گەنجان برێڤە چوو.

دیسان ئەندامێن فەرمی یێن گۆڤارێ ل گشت دەڤەران ژی بەشدار بوون، دیسان بەرێز (شێخ حسێن علائدین) بەرپرسێ ڕێکخراوێن جەماوەری پارتی سەرەدانا بارەگایێ مە دگەل هەڤالێن دگەل دا.





## "گرۆپی شوالیهکانی پەرستگا" کە ناوە تەواوەکەیان...

(( پێشمەرگە داماوەکانی عیسا مەسیح، و پەرستگای سولەیمان)) بوون.
لە ساڵی 1118 لە لایەن خاچ پەرستەکانەوە دامەزرا.
ئەوەی بە نوسخە و ڤێرژەنی سەرەتایی ماسۆنییەت دەژمێردرێت، میراتی شوالیەکانی پەرستگایە.

"ئەم نووسینەی خوارەوە، شیکردنەوەیەکی سەرهەڵدانی ماسۆنییەت و ڕەگ ڕیشە و مێژوویەکەیەتی، کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم".....

بەشی یەکەم-لە وەرگێرانی نوسەر/ (کەمال کوردی).

شەڕکەرە خاچ پەرستەکان زۆربەی مێژوو ناسانی (ماسۆنییەت) لەو باوەڕەدان کە سەرچاوەی ئەم ڕێکخراوە، بۆ شەڕەکانی خاچ پەرستان لە دە (١٠) سدەی دوازدە دەگەڕێتەوە.

هەر چەند کە ماسۆنییەت بە شێوەیەکی فەرمی لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەی زایینی لە ئینگلیز ستان دامەزرا، بەڵام لە خاڵە هەرە بەرزەکەی چیرۆکە ئاشنا و باوەکەی ماسۆنییەت، گروپێك بە ناوی(( شوالیەکانی پەرستگا"" یان سوارچاکانی پەرستگا بوونیان هەیە)). پێچەوانەی ئەوەی کە زۆرکەس پێداگرە لەسەری، ئەوا شەڕەکانی خاچ پەرستی، لەشکەرکێشیی سەربازی بە مەبەستی بڵاوە پێکردنی مەسیحییەت نەبووە، بەڵکۆ بە مەسەت و ئامانجی مادی ئەنجام دراوە.

لە سەردەمێك کە ئەوروپا هەژارییەکی لە ڕادە بەدەر وە دیسان قوڕبەسەری و داماوییەکی زۆری تاقیدەکردوە.

خۆشگوزەرانی و ژیانی بەختەوەرانەی ڕۆژ هەڵات و بەتایبەتیش موسلمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرنجی ئەورۆپیەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەم حەز و مەیلە دەرکەوتەیەکی ئاینی و مەزهەبی بە خۆیەوە گرت و تێکەڵ بە سیمبولەکانی مەسیحییەت کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هزر و بیرۆکەی شەڕەکانی خاچ پەرستی، لە حەز و مەیل و خواستی سوود و قازانجی مادی و دونیایی لە دایك بوو، لە ڕاستیدا هەر ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی کریستیبیا نەکانی ئەوڕوپا لە سایەی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی سەردەمی سەرەتایی مێژووەکەیان، هۆکاری دەست درێژییە سەربازی و خاپوور کردنەکان لە قەڵەم دەدرا، دامەزرێنەری جەنگە سەلیبیەکان" پاپا ئۆربانی دووەم"بوو.

ئەو لە ساڵی 1095ی زاینیدا ئەنجوومەنی "کلارمۆنت" ی بانگ کرد کە بنەماکانی ئاشتی خوازانەی پێشتری مەسیحییەت لەناویدا ئیتر نەمابوون و کاری پێنەدەکرا. بانگهێشت کردن بۆ شەڕو جەنگ بە مەبەست و ئامانجی بە دەست هێنان و لە دەست دەرهێنانی وەڵاتە پیرۆزەکان لە دەست موسلمانان ڕاگەیێندرا و بە دوایدا لەشکەری گەورەی خاچ پەرستەکان بنیات نرا کە لە سەربازەکان و بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکە ئاساییەکان پێکهاتبوون.

مێژوونووسان لەوە باوەڕ و بڕوایەدان کە کار و کردەوەکانی ئۆربانی دووەم بە مەبەستی پووچەڵ کردنی کاندیداتۆریەتی ( کاندید بوونی) ڕکابەرەکەی بووە.

سەرەڕای ئەمەش پاشا ئەوڕوپیەکان، شازادەکان، ئەریستوکراسەکان (خەڵکە دارا و لە خێزانی بنەماڵە شاهانەییەکان) و خەڵکانی دیکە کە بە حەز و هەیەجانیکی زۆروە وەڵامی پاپا ئۆربانی دووەمیان دەدایەوە چ مەبەستیکیان جگە لە دەست کەوتە مادی و داراییەکانیان نەبووە.

بە گوێرەی قسەکانی "دۆناڵد کۆئلەر" لە زانکۆی "ئیلی نۆیز"، شوالیەکان (سوارچاکە)ی فەڕەنسی بەدوای دەست بەسەر گرتنی زەوی زارێکی زیاتر بوون. بازرگانە ئیتاڵیاڵیەکان بەو هیوایە بوون کە بتوانن بازرگانیەکەیان لە بەندەرەکان و کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فراوان بکەن. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەژار و داماو، تەنیا بە مەبەستی هەڵاتن لە سەختی و دژواریەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ڕوویان لەم سووپا گەورەیە دەکرد و خۆیان تۆمار دەکرد، ئەم خەڵکە داماوە چاوچنووکە، بە ڕێگایانەوە بۆ ڕۆژهەڵات، زۆربەی زۆری موسلمان و تەنانەت جووەکانیشیان بە هیوا و ئۆمێدی دۆزینەوە و دەستکەوتنی زێڕ و خشل و.... دەکوشتن، خاچپەرستەکان تەنانەت سکی (زگی) قوربانیەکانیان بە مەبەستی دۆزینەوە زێڕ و بەردە گرانبەهاکان دەدڕاند کە لەگومانیان دەکرد قوربانیەکان بەر لە مردن ئەوانیان قوت داوە.

چاوچنووکیی مادی خاچ پەرستەکان بە ڕادەیەك بوو کە ئەوان لە شەڕە خاچپەرستیەکەی چوارەمدا (لە چوارەمین شەڕی خاچپەرستی دا)، لە پاتاڵ و تاڵانکردنی شاری کریستیان نشینی **قوستەنتەنیە (ئیستانبوولی ئیستا) کاتێك گەڵا زێڕینەکانی وێنەکان سەر دیوارە کەنیسەی (کەلێسە) تەیاسووفیەیان لێدەکردوە، بچووکترین گومانیان لە دڵدا نەبووە، گروپێک تێکەڵ و چەند ڕوخسارێکی خاچ پەرستان، دوای سەفەرێکی دووروودرێژ و سەخت و تاڵان و دزی و کوشتنێکی زۆری موسڵمانان لە ساڵی 1099 گەیشتە ئورشەلیم (ج وراسلیم - بیت المقدس).**

شاری ئورشەلیم بەدوای ئەو گەمارودانەی کە پێنج ڕۆژی خایاند، شکستی هێنا و خۆی بەدەستەوەدا و خاچ پەرستەکان چوونە ناو شارەکە. جیهان بە دەگمەن بینەری دیمەنی وا بێ بەزەییانە و دڕندانە بووە لەوەی کە خاچ پەرستەکان ئەنجامیان دا. ئەوان هەموو موسڵمان و جووەکانی شاریان بە زەبری شمشێر کوشت و سەربڕی. بە گوێرەی مێژوو نووسێك، ئەوان هەموو ئەو عەرەب و تورکانەی کەدەستیان کەوتن

و دەیاندییەوە، چ ئافرەت و چ  پیاو دەیانکوشتن، سووپا و ئارتێش لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا،بە دڕندانە ترین شێوە چل هەزار (40.000) موسڵمانیان کوشت و بەدوای ئەمەدا خاچ پەرستەکان ئۆرشەلێم (بيت المقدس) یان کردە پایتەختی خۆیان و دەسەڵات و حکوومەتێکی پاشایەتی کاسوولیکییان دامەزراند کە سنوورەکانی لە فەڵستینەوە تاکو ئەنتاکیە درێژ بوو.

یەکێك لە خاچ پەرستەکان بەناوی "ڕایمۆند" بەشانازییەوە باوەشی ئەم بێ بەزیی و توند و تیژییە دەکات و دەڵێت: "دیمەنەکان سەرسووڕهێنەر و سەیر بوون". هەندێ لە پیاوەکانمان سەری دوژمنیان دەپەڕاند و سەریان لێدەکردەوە، هە ندێکی دیکەیان ئەوانەیان کە لەسەر بورجەکان (تاوەرەکان- شوێنی پاسەوانی ناو قەڵا) دەکردە ئامانجی تیرەکانیان بۆ ئەوەی بکەون، هەندێکی دیکەشیان زیاتر ئەوانیان ئەشکەنجە دەکرد و بۆ ناو ئاور(ئاگر) فڕێیان دەدا، لە کۆچە و کۆڵانەکانی شاردا، گرد و تەپۆڵکەی سەر و دەست و قاچ دەبیندرا، بۆ ڕۆیشتن دەبوایە زۆر بە پارێزەوە لە نێو جەنازەی مرۆڤ هەسپەکاندا بپەڕینەوە. بەڵام ئەمانە بە بەراوردی ئەوەی لە "پەرستگای سولەیمان" ئەنجام درا، هەر هیچ نییە، لەپەرستگای سولەیماندا و دەورووبەری، پیاوانمان هەروا کە خوێن دەگەیشتە و ئەژنۆ و لغاو و ئەفساری هەسپەکانیان دەپەڕینەوە (دەڕۆیشتن). ئەوان ئۆرشەلیمیان کردە پایتەختی خۆیان و قەڵەمڕەوی پاشایەتیان لە وەڵاتەکانی فەڵەستین تا دەگاتە ئانتیاك (لە سوریا و تورکیای ئێستا) درێژ دەبووە، ئەوان ئا لەم کاتە بەدواوە، بۆ پاراستنی شوێنەکیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێ هەنگاوی نوێ و تازەی جەنگاوەری و شۆڕش و خەباتیان هاوێشت. ڕاگرتن و پاراستنی وەڵاتە تازەکە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی هەبوو. هەر بۆیە بۆ ئەم مەرام و مەبەستە چینایەتی سەربازییان پێکهێنا کە ئەندامانی ئەم دەستە و گروپانە لە ئەوڕوپاوە بەرەو فەڵەستین دەهاتن و لە هەندێ شوێنی وەك خانەقا و کەنیسەدا دەژیان و بۆ جەنگ لە دژی موسڵمانەکان فێرکاری سەربازییان پێدەکرا. یەکێك لە تاخم و گروپانە لە ئەوانی دی جیاواز بوو. ئەم چینە، سوراچاکەکان یان هەمان شوالیەکانی پەرستگا (تامپلیەکان) ناویان بوو، دەستە و گروپی شوالیەکانی پەرستگا کە ناوی تەواویان ((پێشمەرگەکانی داماوی عیسا مەسیح و پەرستگای سولەیمان)) بوو، لە ساڵی 1118 واتا بیست ساڵ دوای داگیر کردنی ئۆرشەلیم لە لایەن خاچ پەرستەکانەوە دامەزرا. دامەزرێنەرانی ئەم چینە،دوو شوالیە(سوارچاك)ی فەرەنسی بوون بە ناوەکانی"هوق دیپایۆ" و "گادفری دووسەنت ئامر"، ئەم گروپە لە سەرەتادا تەنیا نۆ (9) ئەندامی هەبوو، بەڵام وردە وردە گەشەی کرد و ژمارەی ئەندامانی زۆر بوو. هۆکاری هەڵبژاردنی ناوی پەرستگای سولەیمان بۆ ئەم گروپە، ئەو شوێنە بوو کە ئەوان وەك بارەگا هەڵیانبژاردبوو. ئەوان لە ناو چیای پەرستگا، لە شوێنی پەرستگای خاپوور کراو نیشتەجێ بوون. هەر لە هەمان ئەم شوێنە مزگەوتی ((قەبەت ئەلسەخرە-قبة الصخرە)) دامەزرا، ئەوان خۆیان بە سەرباز و پێشمەرگەی هەژار و داماو ناو نا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم هەموویان زۆر دارا و دەوڵەمەند بوون.  گەشتیارە کریستانیەکان کە لە ئەوروپا بۆ فەڵەستین دەهاتن، لە ژێر کونترۆڵی تەواوی ئەم گروپەدا بوون و بۆیە بە پارە و دراوی گەشتیارە کریستیانەکان سروەت و سامانێکی زۆریان دەست کەوت، بە پێی بیروبۆچوونەکانی نووسەر ئینگلیزیەکانێکی وەك"میکائیل بینت" و "ڕیچارد لایف" جۆرە سیستەمێکی سەرمایەداری سەدە ناوەڕاستەکانیان دامەزراند و بە ڕێگەی ئەو مامەلەیەی لەسەر بنەمای سود و ڕیبا بوو، ڕێگای بانکدارێی مۆدێرنیان خۆش کرد.

سوارچاکانی پەرستگا، بە هۆکاری سەرەکیی هێرشەکانی دواتری خاچ پەرستەکان بۆ سەر موسڵمانان و کوشتنیان لە قەڵەم دەدرێن. هەر ئەم هۆکارە بوو کە وایکرد سەردار و سوپاسالاری گەورەی ئیسلامی"

